# وتـــه كـــانـــى ســـه رۆك كـــۆمـــار... و ...ريفراندۆم..!!

نامۆ سامان

له وه ته ى هه م خه ون به سه ركرده يه كه وه ده بينم
له وه ته ى هه م حه زه كانم له به رپێى سه ركرده يه كدا سه رده برم!

1. ئه وه ى نه چێت بۆ ده نگدان خائينه.
2. ئه وه ى خۆپيشاندان ده كات و داواى ئاو كاره با ده كات خائينه.
3. رۆشنبيران و نوسه رانى ده ره وه ى ولآت هه مويان سه هون له خه يالدا ده ژين.
4. كه ركوكێكان كه كه ركوك چۆلده كه ن خائينن.
5. ئه وه ى ده نگ نه دات بۆ ده ستور خائينه.
6. 30 سال شه رى چه كداريمان كردو يه كمان كوشتو دوژمن ليكوشتينو ليگرتين 30 سال ئيمه جاش و قاحبه و بێناموس و خائينمان كوشت كه چى تاكو ئيستاكه خائين كۆتاى نه هات.
7ئالاى ئيراق ئالاى ئه نفالو ژه هرو كاولكردنى كوردوستانه ئالاى ئيراق ئالاى حيزبى به عسى فاشيه نابێت له كوردوستاندا هه لكرێت .. سه ير له وه دايه تاكو ئيستاكه يش ئه و ئالآيه له كه ركوكدا به فه رمى ده ناسرێت. ئه ى كه ركوك كوردوستان نييه؟
ئالآى ئيراق ئالاى حيزبى به عسى فاشيه نابێت له كوردوستاندا هه لكرێت. كه چى سه ير له وه دايه له ژێرى ئه و ئالآيه دا ده ستورى ئيراقى ئيمزاكرا .
جوانى مرۆڤ له پرنسيبيايه تى نه ك له جله كانيا!
7. كه ركوك قودس و دل و گورچيله ى كوردوستانه ..كه ركوك پايته ختى كوردوستانه
ئه ى ئه گه ر كه ركوك پايته ختى كوردوستانه ئه ى بۆ دوو وه زاره تى كوردى تيانييه؟
8ژنان و دايكانى ولآتم رێپوانێكيان كرد بۆ به رده م مه كته بى شه وى كوردوستان.. ببوورن په رله مانى كوردوستان كه چى پێيان ووتن قه ت نه مانبينيوه ئافره ت ده نگ هه لبرێ
ئێمه بينيومانه لنگ هه لبرێ ئه مه ووته ى چه وره كانى ناو بازارن يان ووته ى په رله مانى كوردوستان؟
9. 30 ساله يه كيتى و پارتى رۆله ى كورد ئه ده به كوشت 30 ساله وه عدى شه رف ئه ده به و خه لكه به ئه مه كه ى كوردوستان كۆتاييه كه ى هيچ به ده سته وه
ئێمه له قۆمارچيه كى دۆراو ده چين نه ك سياسه تمه دار.
30 ساله حيزبه كانى كوردوستان ئه و خه لكه ده كوژن مۆرى به عسى و خائينى پيوه ده نێن.
كامه يان خيانه ته ؟ كامه يان ناپاكيو گالته كردنه به موعاناتى مرۆڤى كورد؟
يه ك نه گرتنه وه هه ر دوو مه كته بى شه وى پارتى و يه كيتى يان ده نگ نه دان بۆ ده ستورێك كه هيچ مافێكى كوردى تيا نييه؟
10. يه كيتى له سه ر ته وه رى ئيراقى خۆى له نگه رى گرتووه تا چاوى له بۆريه نه وته كانى ئيراق بێت ئه م ئيراقيه له ئيراقه وه ده روانێته داهاتووى
پارتيش له سه ر ته وه رى كوردوستانى له نگه رى گرتووه به ناچارى چونكه ئه و ده زانێ يه كيتى و پاريتى دوو جه مسه رى ساردو گه رمى ته زووى كاره بان نابێت له يه ك بچن.
ئه گه ر يه كيتى مه سيحى بێت پارتى تا بۆى بكرێت ئسلامييه ،ئه گه ر يه كيتى ئيسلامى بێت پارتى تا بۆى بكرێت تا سه ر ئيسقان يه زيدييه ،گه ر يه كيتى ئاو بێت ئه ميان ئاگره ، گه ر ئه ميان خائين بێت ئه ويان شۆره سواره ئيتر ئه ميان ئه ويان تا دواى.. تا دواى دواى تا ئه و كاته ى ئيمه هه موومان له نه خۆشخانه ى ده روونى يه كيتى و پارتى خۆمان ده بينينه وه.

ئه گه ر به پێی ئه م هه موو خاڵانه ی خائین بێت ئێمه سه رکرده کانمان سه رکرده ی گه لێکی خائینن!!
سه رکرده کانمان سه رکرده ی ولاتێکن رۆشنبیران و نوسه ره کانیان له خه یاڵدا ژین و سه هوون
توخوا تاکو ئێستاکه سه رکرده ی واتان بینیوه که به خه ڵکی ولاته که ی خۆی بڵێ خاین و سه هو؟
به ڵام سونه کان عاره به به عسێکان که کوردوستانیان کرد به گۆری به کۆمه ڵ براماننن!!
ئێمه ی کوردی ده ره وه ی ولاتیش سه هو خائین.
ئه ترسم ئه م چۆلکردنه یش خۆی له خۆیدا سیناریۆیه ک بێت که حیزبه کان به م خه ڵکه ی ده که ن
به کۆمه ڵێ خه ڵکی ده که ن که شار چۆڵکه ن سیناریۆیه ک بێت که دۆراندنی که رکوک له ئارادایه و ئیتر هێڵی سوری ئه وان به پولێ ناکرم.
هه ر وه کو چۆن ریفراندۆم سیناریۆیه ک بوو بۆ فریودانی خه ڵک نه ک بۆ رزگارکردنی
ریفراندۆم ئه و به رده زله بوو که درا به سه ری دوو ملیۆن ئیمزاو موعاناتی گه لی کوردا.
ریفراندووم مه زهه له یه ک بوو تاکو ئێستاکه یه کێتی و پاریتی سوکایه تی وای به خه ونه کانی ئێمه ی نه کردبوو.
ریفراندۆم که تاکه کانی کۆمه ڵی گرته خۆی هه ر له یه وه سوکایه تی پێکرد.
ریفراندۆمێک که 24 پاراوی له وشه و خه ونه کانی مرۆڤی کوردی له هه ناو گرتبوو.
ریفراندۆمێک 24 پاراوی له ژێر ناوی بۆ نیگه ران نه بین له کاتێکدا ئێمه وه کو موشه مای قومار ولگاوه کانی حیزبه کان ته ماشاکرد . له وه ته ی هه ین گاڵته به موعاناتمان ده کرێت .
ریفراندۆمێک 24 پاراوی له وشه زێرین و چه تری سه ری هه موومان بوو ،که چی دێره کانی ووشه بریقه دارو زێرکه فه کانی به په نجه ی که سێکی بێ هه ڵوێستی نوسرا بوو. ئه بێت ئیتر چاوه روانی چی لێبکرێت له کاره سات ودۆراندنێکی تر نه بێت. ریفراندۆمێک به رامبه ر کورسی هه ڵبژاردنی ئێراق مێزو لگاوی خۆی دانا بوو کاره سات له وه دا بووئه و په نجه ی به فه رمی ده چووه حیبری ئێراقه وه هه ر هه مان په نجه به نافه رمی ده چوو ریفراندۆمه وه ئای له م مه زهه له یه!.
ریفراندۆمێک که له کۆمه ڵی که سی دۆراوی ناو حیزبه کانو کۆمه ڵی که سی سیخوری ناو حیزبه کان پێکهاتبوو ئه بێت چاوه روانی چی لێبکرێت. ریفراندۆمێ تاکو ئێستاکه نه قسه که رێکی هه یه و نه هه ڵوێستێکی هه بووه ئه وه ی ماسی بگرێت ئه بێت قوله پێی له پێش هه موو شتێکه وه ته ر بێت.
ریفراندۆم ئه و به رده زله بوو درا به ته وقی سه ری کوردا!
له ناکه س کاریدا خاکم به سه ر رۆی به با عورم
خودایه بمژێنی تاکو له به ر قاپی که سێکدا ده مرم!!